# سێمیناری لێکۆڵینەوە لە کێشەی کۆمەڵایەتی و گرفتی بنەماڵەیی لاوانی کورد

یەکێتیی منداڵپارێزی فینلەندی Mannerheimin lastensuojeluliitto – uudenmaan piiri سێمینارێکی بەرفراوان بۆ لێکۆڵینەوە و باس سەبارەت بە کێشە و گرفتە دیار و شاراوەکانی گەنجانی کورد لە هەندەران و بەتایبەتی لە وڵاتی فینلەندا، پێک دەهێنێت. لە میانەی سێمینارەکەوە شارەزایان یا پسپۆڕانی چالاکی بواری کۆمەڵایەتی، چەندین باس و وتەی زانستی سەبارەت بە رەهەندەکانی کێشەی لاوانی کورد لە هەندران پێشکەش دەکەن. بەشدارانی سێمینار یان دانیشتووی وڵاتی فینلەندن یان لە وڵاتانی دیکەوە بۆ سیمینارەکە بانگهێشتن کراون.

ئامانج لە بەستنی سێمینارێکی لەم شێوەیە ئەوەیە کە کێشە کۆمەڵایەتی و بنەماڵەییەکانی لاوانی کورد لە لایەن کەسانی خۆوڵاتیی شارەزاوە بێتە بەرباس کردن. هەروەها لە سێمینارەکەدا هەوڵ دەدرێ کەشی دیالۆگ و گفتوگۆیەکی تەندروست و بنیاتنەر لە نێوان بەشدارانی سێمینارەکەدا پێک بهێندرێت.

باسەکانی سێمینارەکە یان بەزمانی کوردی دەبێت، یان ئەوەتا راستەوخۆ وەردەگێردرێتە سەر زمانی کوردی. دیارە بەشداری لە سێمینارەکەدا بۆ هەموو کەس ئازادە. لە سێمینارەکەدا هەوڵ دەدرێ بابەتەکان تا ئەوجێیەی رێی تێ بچێ وەربگێڕدرێنە سەر زمانی فینلەندیش.
ئەم سێمینارە تەرخان کراوە بۆ باسکردن لە کێشەی گەنجەکان، بۆیە زۆر گرینگ و بەسوودە کە دایکان و باوکانی دڵسۆزی منداڵەکانیان، بەشداری لە سێمینارەکەدا بکەن. لەلایەکی تریشەوە زۆر پێویست و بەجێیە کە گەنجەکان، چ کچ و چ کوڕ خۆیان لەم سێمینارەدا بەشداری بکەن و لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو باس و قسانە بن کە سەبارەت بە ئەوان دەکرێت. هیواداریین چ گەنجەکان بۆخۆیان و چ دایکوباوکە بەرێزەکانیان ئەم هەلە لە کیس نەدەن و بەشداری بکەن لە سێمینارەکەدا. سەرەڕای خەرج و تێچوونەکانی سێمینارەکە، لە پێناوی ئەوەدا کە کوردانی دانیشتووی فینلەند بتوانن چالاکانە بەشداری سێمینارەکە بکەن، بەشداری لە سێمینارەکەدا ئازاد و بەخۆڕایی دەبێت.

هاوکات لە شوێنی سێمینارەکە هۆدەیەکی تایبەت بۆ منداڵان تەرخان کراوە و چاوەدێری تایبەتیش بۆ هۆدەکە دیاریکراوە، تا ئەو دایکانەی منداڵیان هەیە، منداڵەکانیان لەوێ دابنێن و "منداڵەبەری" نەبێتە کۆسپی سەر ڕێگای بەشداریکردن.

هیواداریین هەم ئەو کەسانەی لە شاری هێلسینکیەوە دێن و هەم ئەوانەی لە شارەکانی دیکەوە بەشداری لە سێمینارەکەدا دەکەن، بتوانن بە یەکێک لەو ژمارە تەلەفونانە یان ئادرێسی ئیمەیلانەی خوارەوە پێشوەخت لە هاتنی خۆیان یان رێژەی ئەو کەسانەی بەشداری لە سێمینارەکەدا دەکەن، ئاگادارمان بکەنەوە. سێمینارەکە لە هۆڵی سێمیناراتی ناوەندی نێونەتەوەیی کولتووری کایسا لە نزیک سەنتەری هێلسینکی بەڕێوە دەچێت.


Tanja Tauro: 050-541 47 70 seminar@hotmail.fi
Rewar karimi: 0400-670 48 tanja.tauro@mll.fi
rebwar.karimi@mll.fi


، ناوەندی نێونەتەوەیی کولتووریی کایسا ڕۆژ ، کات و شوێنی سێمینار: 30.09.2005 ، کاتژمێر 10:00-15:00
Mikonkatu 17, 00100, Helsinki

10:15 کردنەوەی سێمینار

*لەلایەن یەکێك لە بەرپرسانی یەکێتیی منداڵپارێزی فینلەندیەوە*

10:25 ئاواتی دایکوباوک و دنیای گەنجەکان؛ لیکدانی دوو دنیا

*ئەزموونی دایکێك و باوکێکی کورد، سەبارەت بە پرسەکانی بەردەم*

*پەروەردەی منداڵانیان*

**10:55** کێشەی "فرەکلتووری" لە ماڵ و لە کۆمەڵدا

*لەلایەن شکۆفە قوبادی، ماجستەری دەروونناسی کۆمەڵایەتی و*
*کارمەندی دایرەی سوسیال لە وڵاتی سوید*

**11:25** گەنجی کورد لە مەنگەنەی دوو کولتووردا

*لەلایەن کرماج حەقی، توێژەر لە خوێندنگەی باڵای تکنیکی لاپێنڕانتا و*
*چالاکی بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی،*

**12:00** کورد لە دیاسپۆرادا: قەیرانی لێکتێگەیشتنی نەوەکان

*لەلایەن د.ڕێبوار فەتاح پسۆڕی سیاسی و*
*باسناسی کێشە کۆمەڵایەتیەکانی کوردەکان لە تاراوگەدا*

**12:30** کاتی وچاندان و حەسانەوە

**13:00** کێشەکانی "ئێمە" و هەڵوێستەکانی "ئەوان"

*لە لایەن د. ئالکسیس کوروش، پزیشك، نووسەر، دەرهێنەر و چالاکی بواری کۆمەڵایەتی.*

**13:25** راپۆرتێک سەبارەت بە کێشە بنەماڵەییەکانی گەنجە کوردەکان لە فینلەند

*ڕێکار، لە لایەنی پرۆژەی یەکێتیی منداڵپارێزی مانێرهایمەوە*

**13:45** پانێل و گفتوگۆ